خولی ئیسپانیا... ریاڵ مەدرید بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر لە ئیسپانیۆلی بردەوە

لە خولی ئیسپانیا ریاڵ مەدرید بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر لە ئیسپانیۆلی بردەوە و سێ خاڵی گرنگی بەدەست هێنا.

لە یارییەکانی هەفتەی پێنجەمی خولی ئیسپانیا ریاڵ مەدرید لە یاریگای سانتیاگۆ بێرنابیۆ میوانداری لە ئیسپانیۆل کرد.

لە تایمی یەکەمدا مێرەنگی باشتربوون و توانیان لە خولەکی 22 لەڕێگەی ئیدیر مەلیتاو بەشێوازێکی هونەری جوان گۆڵی یەکەم تۆماربکەن.

خاوەن ماڵ هەوڵێکی زۆریدا بۆ زیاد کردنی ئەنجامەکە، بەڵام سەرکەوتوونەبوون و سەرئەنجام نیوەی یەکەم بەم تاکە گۆڵە لەبەرژەوەندی کوڕانی ئەلۆنسۆ کۆتایی هات.

لە تایمی دووەمدا یانەی شاهانە بەهەمان شێواز دەستیان بە یارییەکە کردەوە و لە خولەکی 47 مباپێ

توانی گۆڵی دووەم و دڵنیاییان بە تۆماربکات.

سەرئەنجام یارییەکە بەم ئەنجامە واتە بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر لە بەرژەوەندی ریاڵ مەدرید کۆتایی هات و سێ خاڵی گرنگیان بەدەست هێنا و ژمارەی خاڵەکانیان بەرزکردەوە بۆ 15 خاڵ و لە پلەی یەکەمدان، ئیسپانیۆلیش بە 10 خاڵ پلەی سێیەمی گرتووە.